# چەمکی ئازادیو ئایا مرۆڤ ئازادە؟

ن/ نەبیل حاجی نائف
و/ ڕۆشنا



وێنەکە لە سایتی خۆزگەوە وەرگیراوە

بابەتی چەمکی ئازادی، ئاڵۆزترینی بابەتەکانەو، لەزۆربەی ئاستەکاندا: فەلسەفیو باوەڕگەریو کۆمەڵایەتیو یاساییو سیاسیو لۆژیکیو فسیۆلۆژی دەمارییەوە توێژینەوەی لەبارەوە کراوە.

ئەمەش ڕای فسیۆلۆژی دەمارییە:

سلفادرۆ لۆریا کە خەڵاتی نۆبڵی لەفیزیادا وەرگرتووە، لەکتێبەکەیدا ـ ژیان ئەزمونێکی ناتەواوە/ناکامڵە ـ باس لەپرۆسەی هەڵبژاردنو ئازادی هەڵبژاردنو پەیوەندییان بەئاگاییو کاری کۆئەندامی دەمارەوە دەکاتو قسەی زۆر بایەخدار دەکات، وەك ئەوەی: "لای مرۆڤ ئاگایی لەزۆربەی هەڵسوکەوتەکانیدا ڕێگە بەئەگەری هەڵبژاردن دەدات، چونکە مرۆڤ بەردەوام لەدۆخێکدایە کە تیایدا هەڵدەبژێرێت، لەڕاستیدا ئەویش ناچارە هەڵبژێرێت، چونکە زانیاری لەبارەی جێگرەوەکانو ئەگەرو شیمانەییەکاندا هەیە".

ئایا مانای ئەوەیە هەڵسوکەوتی ئاگاییانە هەڵسوکەوتێکی ئازادە! یان بەمانایەکی دی، ئایا ئاگایی هەڵبژاردن لەنێو ئەگەرەکاندا دادەنێت! یاخود ئازادی هەڵبژاردن خەیاڵپڵاوییە! لەبەر ئەوەی کردەوەکانی تاك بەڕێگەیەکی توند بەئەزمونەکانی ڕابردوو و بونیادی بایۆلۆژییو بەرستێکی دەماریی (بۆماوەییەوە) بەندە، گەرچی هیچ شتێك لەبایۆلۆژیادا ئامادە نیە وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەرییە فەلسەفییە بداتەوە.

ئەگەرچی هیچ شتێك ناگۆڕێت بەبێ بیرکردنەوە لەوەی کە ئازادی هەڵبژاردن لەبووندایە، چونکە ئێمە ناتوانین لەکاتی ڕەخساندنو دۆخێکی دیاریکراودا، کردەوەکانمان بنوێنین، واتە چەند شیمانەیەك دەبێتە مەبەستی نواندنی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێك کردەوەی دیاریکراو لەڕێگەی یاریو وروژاندنی خانەدەمارییە گونجاوەکانەوە.

* ڕۆڵی کۆئەندامی دەماریی لەپرۆسەی هەڵبژاردندا چییەو؟

چۆن هەڵبژاردن بەدی دێت؟!

ئایا هەڵبژاردن بەگوێرەی ڕێساکانی کۆئەندامی دەماریی کە بە بۆماوەییو ئەزموون تۆمارکراوەو ئازادی هەڵبژاردن ناچار دەکات شوێن پێی پێشتر دیاریکراو هەڵگرێت، سەرەڕای هەبوونی وەهمی ئازادی؟ یاخود مەسەلەکە ئەمە نییە.. هیچ جیاوازییەك لەنێو واووتنی بوونی ئازادی هەڵبژاردن لەنێوان (شای) بەئەنجامدانی هەڵبژاردنە ئەنقەستەکاندا نیە، یان لەنێوان پاڵنەرە بەدوایەکەکانداو لەنێوان کۆمەڵێك گەیەنەری دیاریکراوی بایۆلۆژی کە لەهزردا هەیە، یان جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە بەها گەیەنەرەکان لەنێوان هەڵبژاردنەکاندا بەپێی خاسیەتەکانی بایۆلۆژیای تۆڕی کۆئەندامی دەماریی دیاریکراوە، هەموو ڕووەکانی چالاکییە ئاگاییەکانی مرۆڤ دوالیزمی ئەقڵ دەردەخەن کە دەربازبوون لێی شتێکی مەحاڵە، واتە ئەو ئامێرانەی کە پەرەسەندنی بایۆلۆژی خولقاندونیو لەڕێگەی فێربوونو ئەزموونو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەهەموو تاکێکدا باش بووە.

مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنە ئاگاییەکاندا بەهۆی وریاکردنەوەو خاوکردنەوەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەپێکهێنانی تۆڕیدا ئەنجام دەدرێت، بێجگە لەبونیادنەرەکانی دیکەی کۆئەندامی دەماریی، پێکهێنانی تۆڕیش پێکهاتەیەکە لەدەمارۆچکەی بەسەر یەکتردا کەڵەکە بوو کە لقو پۆو بەنێویەکداچوونی کورتی زۆر تێدایە، بەهۆی ئەم ئەندازەیەوە پێکهێنانی تۆڕی چاك، گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی پلە بەپلەی پێشکەوتودا پێکدەهێنێت بۆ ئاستەکانی چالاکی لەڕێگەی ڕێکخستنی لەسەرخۆو بەدوایەکدا هاتووی تەزووی کارەبایی نێو دەمارۆچکەکان (لقو پۆی تەوەرەکان) ئەم بەسەریەکدا کەوتنەی ڕیشاڵە دەمارییەکان وا دەکات بنەڕەتە دەمارییەکان توانای تەواوکردنی وروژاندنی وریاکردنەوەی چەندین چاوگەیان هەبێت.

چونکە پێکهاتەی تۆڕی ئەو لێشاوە دەرچوانە وەردەگرێت کە لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە دێن، ئەمەش لەو ساتەدا کە بەرەو توێکڵی مێشك سەردەکەون، کاتێکیش دەمارۆچکە هەستیەکان بەقەدە دەماردا تێدەپەڕن، دەخوازن پێکهاتەی تۆڕی دروست بکەنو ئا بەمجۆرە چەندین تەوەرەی دیکەی پێدەبەخشێت.

ئاکام ئەوەیە: هەرجارێك نامەیەکی هەستی سەردەکەوێت، بەختوکە یان زرنگانەوە.. لەڕێگە دەمارییەکانەوە هەتا شوێنی خۆی لەتوێکڵدا، ئەوا لەهەمان کاتدا پێکهاتەی تۆڕی وریادەکاتەوە کە حاڵەتی تایبەتی خۆی لەوریاکردنەوە یان خاوکردنەوە بۆ توێکڵ دەگوازێتەوە، بەبەپێچەوانەی ڕێگە دەمارییەکان کە بەرەو خانەکانی (توێکڵ) دەچن، پێکهاتەی هەستی بەشێوەیەکی جیاواز لەسەر ناوچە فراوانەکانی توێکڵدا دەکەون، ئا ئەم خەسڵەتە جۆراوجۆرەی کەوتنەکانە کە ڕێگە بەکۆئەندامی تۆڕی چالاك دەدات بەشێوەیەکی (ناجۆر)ی کار بکات، واتە ئاماژە دەمارییە دەرچووەکانی، ئیدی چاوگەکەی هەرچییەك بێت دوچار دەبێت، نەك تەنها کۆمەڵێك لەوەرگرتنی جۆریی، بەڵکو بەهۆیەوە دەکرێت کار بکاتە سەر کۆئەندامی تۆڕی چالاكو هەموو شوێنەکانی دیکەی توێکڵ وریاو چالاك بکاتەوە (پەیوەندی گەڕاوە لەنێوان توێکڵو پێکهاتەی تۆڕیدا هەیەو هەر ئەمەش بیرکردنەوەو مشتومڕی هزری دروست دەکات، ڕۆڵێك گەورەشی لەخەونەکاندا هەیە).

بەپێی ئەمەی سەرەوە دەردەکەوێت کە مەرج دانانی ئاگاییانە یان فێربوونی ئاگاییانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەلایەن پێکهاتەی تۆڕییەوە بەئەنجام دەدرێتو لەم کارەشدا توێکڵ (پەردە) لەوردەکاریو بنەماکانی دیکەی کۆئەندامی دەماریدا یاریدەی دەدات، هەروەها پێکهاتەی تۆڕی چالاك نەك تەنها بەسەر چونە ناوەوەی وروژاندنەکان دەدات، بەڵکو بەسەر چەپاندن دژ (یان لەسەر) ئەم وروژاندنانەشدا "لەڕاستیدا پێکهاتەی تۆڕی چالاك بەسەر ئاماژە جوڵێنەرە دەرچووەکان (کە جۆراوجۆرن) زاڵە، لەوانەش پاڵنەرەکان (کە خانە ماسولکەییەکان) دەپارێزێتو شتی دیکەش، پاشان بەشەکانی توێکڵ کە بەهۆی پێکهاتەی تۆڕییەوە تەرخان کراون، دەتوانێت لەئاقارێکی پێچەوانەدا ڕۆڵی خۆی لەسەر پێکهاتەی تۆڕی بگێڕێت، چونکە توێکڵ لەبەشێکدا دەتوانێت پلەی چالاکیە تایبەتەکەی ڕێك بخات).

تشارلز فیرست لەکتێبەکەیدا (کۆئەندامی دەماریو هزر) دەڵێت: "دۆزینەوەی پێکهاتەی تۆڕی بەهەنگاوێکی مەزن دادەنرێت بۆ ڕێگەی تێگەیشتن لەبنەما مادییەکانی ئاگاییو ئیرادە، چونکە هەبوونی لەم جۆرە کۆئەندامەی کۆئەندامی دەماریی بەئاشکرا بەڵگە دەهێنێوە لەسەر ئەوەی کە ئاگایی (تایبەت بەحاڵەتی بێداری یان لەکاتی خەوتندا) لەیەك حاڵەتی فسیۆلۆژییەوە دروست نابێت، بەڵکو لەڕووی فیسیۆلۆژییەوە وەسف دەکرێت، لانی کەم بەکۆمەڵێك پەیوەندییەوە بەپلەپلەیی، چونکە چالاکی کۆئەندامی دەمار کە کۆئەندامی تۆڕی بەڕێوەی دەبات دەکرێت وردە وردە بگۆڕێت، لەوریاکردنەوەوە لەئەنجامی ترس یان دۆزینەوەوە بۆ هەست کردن بەماندوێتی، هەندێك لەزانایانی کۆئەندامی دەماریی بەگشتگیری ئەرکی پێکهاتەی تۆڕی سەرسام بوون لەپرۆسەی چالاککردنی توێکڵو ڕێکخستنی کۆئەندامی ماسولکەیی، هەروەك بڵێیت کەلووی چاودێرییەو کاری بەتەنها ڕێکخستنی ئاگایی نیە، بەڵکو پێدەچێت کاریگەرییەکەی لەوە بەهێزتر بێت، چونکە بەسەر ڕەوتی وریاییو بیرکردنەوەو وەبیرهاتنەوەدا زاڵە".

لەکتێبی فسیۆلۆژیای گشتیەوە ـ ئەرکەکانی گەیاندن ـ:

"پێکهاتەی تۆڕی بەکۆنترۆڵین شانە دەمارییەکان دادەنرێت کە تەوەری کۆئەندامی دڕکە دەماریی پێکدەهێنێتو لەتۆڕێك لەدەمارۆچکەی تەوەر کورت پێکهاتووە کە بۆشاییەکانی نێوان پشتێنەکەی سەرکەوتوو هاتنەخوارەوە پڕ دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە نێوان ناوکە دەمارییەکانی کاسەی سەر (کە دوازدەن) پڕدەکاتەوە، دەمارۆچکەکان بەوە دەناسرێن کە ئەم بونیادەیان پێکهێناوە بەدرێژبوونەوەیان (لەپێشەوەو ـ لەپشتەوە)، بەئاسۆیی کە چاوی تۆڕەکەی بەمادەیەکی سمۆرەیی ناسراو بەناوکی تۆڕی گەمارۆ دەدات، پێکهاتەی تۆڕی لەنێوان دڕکە دەماری مێشکۆلە لەخوارەوە بۆ کۆئەندامی دەماریی لەسەرەوە درێژ دەبێتەوە، بەجۆرێك کە بەهەموو ڕوبەڕی قەدە دەماردا درێژبۆتەوە، ئەگەرچی دابەشبوونی دەمارۆچکەکان جیاوازە لەڕوبەرەکانداو (ناوك) لەبری فراوانبوونیو ئەو ئەرکەی بەئەنجامی دەدات جیاوازە کە هەریەکەشیان بەلێشاوە دەمارییەکان لەچاوگەی جیاوازەوە ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن، بەڵام هەندێکیان تەنها وریاکەرەوەی جۆری وەردەگرن، هەر ناوکێك تۆڕێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لقو پۆی زۆرەو بەناوكو لێشاوەکانی دیکەوە بەستراوەو کورت دەبنەوە یان درێژ دەبن، بەستوونی دەڕۆن یان ئاسۆیی، جگە لەوەی هەندێکیان دەتوانن ڕێڕەوی تۆڕیی دروست بکەن کە دیاریکراون، ئەم بونیادە توانایەکی بەرزی هەیە لەتەواوکردنی زانیارییە جیاوازەکان کە بۆی هاتوونو بەشێوەیەك ڕێکیان بخات کە توانای گونجاندنی چۆنیەتیو بڕێکی دیاریکراوی هەبێتو بەکەڵکی پێکهێنانی وەڵامی گونجاوو جۆریی لەسەر کۆی نامە هاتووەکان بێت".

کاری پێکهاتەی تۆڕیی ـ وەك تێبینی دەکەین ــ بریتیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنەکانو زاڵ بوون بەسەریاندا، بەئەنجامدانی هەڵبژاردن بەگوێرەی بارودۆخی خۆیو بارودۆخی بونیادەکانی لەگەڵیدا کارلێك دەکات، هەروەها مشتومڕ لەنێوان پێکهاتەی تۆڕییو پەردەو کۆئەندامی دەماریی دەکرێت کە دەرکەوتنی ئاڵوو و شاخ (قۆچی) ئاوون، لەئاکامدا کاریگەری ئاڵوگۆڕ لەنێوان وەڵامدانەوەو ڕاگرتن دروست دەبێت، یاخود لەنێوان هەڵبژاردنو بڕیاردان یان نەبوونی ئەم دورانە، ئەویش لەئەنجامی کاریگەری ئاڵوگۆڕی نێوان ئەم بونیادانە، ئەم خۆراکپێدانە پێچەوانەییە یان ئەم کاریگەرییە ئاڵوگۆڕەیە کە ئیرادە بەدەردەخات یان پێکدەهێنێت.